# دوا وتەی من!

**مەهاباد قەرەداغی**

بە هەق هەر هەق، بە ناهەق ناهەقم گووتووە لە ساتێ بووم!
وەکـــــو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن، ناکەم لە هەق لادەم!
مەحوی

...
من کچی مەحویم!
باوکم دەیگووت: کچەکەم. . جەنگەڵە جیهان!
یاسای دارستان دەناسن یاساناس و ڕێساناسەکان!
بگرە، ئەم موستیلەخامەیە و. . ئەم دێڕە گوارەیە سەرمەدیین، بۆ تۆ بن!
وای چرپاند بە گوێما. . پێش ماڵئاوایی کردن!
. . .
دایکم دەیگووت: کیژەکەم!
کە لەناو ڕەحممدا دەجوڵای،
پێدەچوو بتەوێ تاریکی ڕاوبنێی
پێدەچوو یاخی بی لە ڕۆژگارێ وەکو شەوگاران نووتەکن!
کە لەناو ڕەحممدا دەجوڵای
نەمدەزانی دەریام یا دایک،
شەپۆلی یان منداڵ!
ئەو دەمەوسەحەرەی کە ژانی هاتنت شەڵاڵی شەپۆلی ئارەقەی کردبووم،
زۆر ترسام لە جیاتی ساوایەک خوڕەی ئاو لافاوێ دروست کا!
زۆر ترسام کیژ نەبی، شەپۆل بی!
ئەو شەوەی ژانی بوونت گیانی دەسمیم،
لە خەوما دەریایەک ئاسمانی لە ئامێزی شینی گرتووە،
لە خەوما مەرەکەب دەبارێنێ هەور!
زۆر ترسام ئەو خەونە بێتە دی و. . کچێکی وام ببێ،
خوێنەکەی هیمۆگلوپین نەبێت!
زۆر ترسام مەرەکەب بڕژێنێ نەزیفی برینت!
. . .
گوێشەوارەکەی مەوحوی لە گوێمدا وەکو زەنگ دێ و دەچێ!
موستیلەخامەکەم عەشقی لێوە دەرژێ!
دایە گیان. . خەونەکەت هاتە دی !

خوێنی من سوور نییە وەکو هی خوشکەکەم، وەکو هی براکەم
نەزیفی مەرەکەب شەلاڵی گۆرانی کردووم و. .
سۆلافی ئاوازی چیایی
لە زمانمەوە دەپڕێ!
بابەگیان. .
گوارەکان دەلەنگێن و دەلەنگێن و دەلەنگێنەوە!
کەس نەڵێ (سووک برۆ و گوارەکانت مەلەنگێنەوە) !
سووک ناڕۆم !
بە سیحری گوارەکان ڕێبواران وێڵ دەبن. .
بە زەنگی گوارەکان. . سەدان جار دادەچڵەکێنەوە!
. . .

2003-9-16
ستۆکهۆڵم